

# قسە کردن لە گەڵ خوادا

## حیەی دڵ وشەوقی روح


کۆکردن وئامادەکردنی:

د.نورەدین ناسێح

| | |
|---|---|
| پێشەکی | 4 |
| تێڕامانی گەڕانەوە بۆ لای خوای خۆشەویست | 6 |
| قسەکردنی خوا لە گەڵماندا | 8 |
| 💛 ئەی خوای خۆشەویستی | 10 |
| 🕯️ مناجاتی فەنابوون و شەهود | 11 |
| ✨ گەڕانەوە بۆ لای مەعشووق | 11 |
| 🌊 پاکبوونەوەی ئاگایی | 11 |
| 🛣️ ڕێگەی عاریفان | 12 |
| 🤲 بێگەردی نییەت | 12 |
| 🍷 مەیخانەی مەعریفەت و شەهودی نوور | 13 |
| 🍇 مەستیی ویساڵ | 13 |
| 🌌 تەجەللی ودەرکەوتن لە گەردووندا | 14 |
| 🌸 گوڵزاری ڕۆح | 14 |
| 🔥 بە سۆزی دڵ و هیممەتی ڕۆح | 14 |
| 🏛️ هیممەتی عەمەلی (فەلسەفەی ژیان) | 15 |
| 🕯️ میحرابی کار و کڕنۆشی ئاگایی | 16 |
| ✨ قوربانی عیشق | 16 |
| 🌊 عیبادەتی بە زیندوویی | 17 |
| 👁️ بێنینی بێ پەردە | 18 |

🕯️ میحرابی عیشق و ئامادەیی (حوزوور) 18
✨ تەجەللی و لادانی پەردەکان 19
🔥 ئاگری زیکر و خەڵوەتی ڕۆح 19

## پێشەکی

**ئەم نوسینە ، گەشتێکە بە ناو قووڵاییەکانی دڵ و شەوقی بێپایانی ڕۆحدا. ئەم لاپەڕانە کۆکراوەیەک لەو نزا و موناجاتانەن کە تێیاندا مرۆڤ هەوڵ دەدات ڕۆحی خۆی چالاک بکات و لە حزووری خوداییدا بەهرەمەند بێت. لێرەدا باس باسی عیشقە، باسی گەڕانەوەیە بۆ لای مەعشووق و پاکبوونەوەی ئاگایی.**

**بۆیە لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبەوە دەست پێ بکەیت ئاساییە، و چەندین جاریش بیخوێنیتەوە باشترە؛ بە تایبەت ئەو دێر و نزایانەی کە هەستت دەبزوێنن و دڵت دەخەنە جۆش. خودا یار بێت، ئەم وشانە دەخوێنمەوە و تۆماریان دەکەم وەک جۆرێک لە تێڕامان تا ببێتە هەوێنێک بۆ ئارامیی دڵی گوێگران ولە ماڵپەڕی گەشەی ئاگایی دایدەنێم( چەند دانەیەکی ئێستا دانراوە). کە ئەمە بەستراوەکەیەتی:**

**https://www.gashayagagi.uk/meditation.php**

**ئەم جۆرە نووسینانە ئەگەر هیچ سوودێکی تریان نەبێت، تەنها ئەوە بەسە کە فێرمان دەکەن چۆن لەگەڵ خودادا بدوێین؛ وەک هاوڕێیەک، وەک دۆستێکی نێزیک و دڵسۆز. واتا بە زندویەتی ڕاز ونازی خۆمانی بۆ باس بکەین، بە بێ ترس بە بێ تەکلیفی هەڵبژاردنی وشە یا شوێن وکات، چونکە خوا سەیری دڵ دەکات نەک وێنە و وشە. خوا هەست ونەستی دەوێ نەک وشەی مردوو کە بێژەرکەی هەستی پێناکات، هەر بۆیە یەکێ لە خواناسان دەیفەرموو: من خەمی وڵام دانەوەی نزام نیە بەڵکو خەمی ئیلهام کردنی نزامە، ئەگەر ئیلهامکە هات ووڵامەکە مسوگەرە. بۆیە خەمی نزا و پەیوەندی لە گەڵ خوادا خەمی «زیندوو»یەتی بەرزترین خەمە.**

**ئەگەر کەسێک بپرسێت: "چۆن لەگەڵ خودا قسە دەکرێت؟ و چۆن وەڵامەکەمان دەست دەکەوێتەوە؟"، وەڵامەکە لای ئێمە تەنها دەربڕینی وشەی زار نییە، بەڵکو چپە و نزا وبێدەنگی زمانە و هاواری ناخە،**

**خوای گەورە وەڵامی دڵسۆزان دەداتەوە. وەڵامی ئەو بە شێوازی جیاواز دەگات؛ ڕەنگە بە هەستێکی ناوەکی بێت، بە ئیلهامێک، بە وتەی منداڵێک، بە روداوێک، یان تەنانەت بە بینینی ڤیدیۆیەکی یوتیوب، بە خەوێک، یان بە جریوەی باڵندەیەک و هاژەی بایەک بێت. ئەو کەسەی دڵی کردووەتەوە، جوان لە پەیامەکان تێدەگات، چونکە ئەو ئاماژانە ڕێک لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێن کە لە ناخیدا دەگوزەرێت و تەنها خودا لێی ئاگادارە.**

**خودا هەمیشە و بۆ هەمووان پەیام دەنێرێت، وەک لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: ((وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا))[1]، بۆیە لە بەشی دووەمدا ئەم باسە روونکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی قسەکردنی خوا لە گەڵماندا. ئێستا تەنها ئەوە دەمێنێتەوە: کێ شاشەی دڵی ڕووی کردووەتە حزووری ئەو و کێ ڕۆحی خۆی بۆ وەرگرتنی ئەم نوورە چالاک کردووە؟.**

**بمانهێڵەرەوە وەک منداڵێکی ساوا و بێگەرد لەبەردەم گەورەیی خۆتدا ، و وا بکە دڵمان ببێتە میحرابی عیشقی تۆ و ڕۆحمان تەنها بە تۆوە بەستراو بێت.**

**د. نورە دین ناسیح ٢٤ی ئازاری ٢٠٢٦**

---

1 https://www.youtube.com/watch?v=tYEDA9p_prY

## تێڕامانی گەڕانەوە بۆ لای خوای خۆشەویست

**بە ناوی خوای میهرەبان. سوپاس و ستاییش بۆ ئەو پەروەردگارەی کە منی لە نەفخەی ڕوحی خۆی دروست کردووە.**

**خوای من دەفەرموێت: «وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي». سوپاس بۆ تۆ خوایە، مادام جەوهەری من لە ڕوحی تۆوە هاتووە، کەواتە منیش دەتوانم بە هێز و میهرەبانیی تۆوە کارا و چالاک بم. من لێرەدا ڕوحی خۆم بەخەبەر دەهێنمەوە. تێدەگەم کە حەقیقەتی من ئەم جەستەیە و ئەم ناو و نازناوانە نین؛ ئەمانە تەنها بۆ ئەزموونی ئەم دنیایەن. من لە بنەڕەتدا ڕوحێکم کە هەمیشەییە و نە لەدایک دەبێت و نە دەمرێت، چونکە هی تۆیە و بەرەو لای تۆش دەگەڕێتەوە.**

**خوایە، تۆ ئەسڵی منی. تۆ چەناڵێکی پەیوەندیی هەمیشەییت بۆ کردوومەتەوە کە پێویستی بە هیچ واستەیەک نییە. ئێستا دڵم دەکەمەوە و وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز و خۆشەویست ڕاز و نیازەکانم پێت دەڵێم. دەزانم وەڵامم دەدەیتەوە؛ ڕەنگە بە هەستێک بێت، بە ئیلهامێک، یان بە نیشانەیەک کە تەنها خۆم و تۆ لێی تێدەگەین.**

**خۆشەویستیی تۆ بۆ من مەرجدار نییە. تۆ منت وەک «نەفخەیەک لە روحی خۆت» دروست کردووە و ئەمە گەورەترین بەڵگەی خۆشەویستییە. من پێویستم بەوەیە هەست بەم عیشقە بکەم تا بگەمە ئاسوودەیی ڕاستەقینە. لە ناخی دڵمەوە چەند جارێک دەڵێم: «خوایە، من تۆم خۆش دەوێت». ئەوەندە دەیڵێمەوە تا هەموو خانەکانی جەستەم بەم خۆشەویستییە دەبزوێن.**

**عەقڵم ئامرازێکی باشە، بەڵام لێرەدا ڕوحم دەکەمە سەرکردە. ڕەشمەی ژیانم دەدەمە دەست ڕوح، چونکە ئەو ڕێگەی کەناری ئارامی باشتر دەزانێت. مردن بۆ من تەنها گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە؛ گەڕانەوەیە بۆ لای تۆ بۆ ئەو خۆشی و ئاسوودەییە بێپایانە.**

**من ڕوحم. ڕوحێکم کە جەستە و عەقڵ بەکاردێنێت بۆ گەشتەکەی سەر زەوی. حزووری تۆ هەموو وجودمی پڕ کردووە. چاودێریی تۆ (عین الله) هەمیشە لەگەڵمە و دەمپارێزێت.**

## قسەکردنی خوا لە گەڵماندا

**یان خوێندنەوەی پەیامەکانی خودا لە گەردوون وواقیعدا**

**تێگەیشتن لە زمانی ئاماژەکان**

**لە ژیانی هیچ کام لە ئێمەدا شتێک نییە بە ناوی «ڕێکەوت» یان «هەڕەمەکی». هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەرماندا دێن، وەک ئەوە وایە هەر یەکێک لە ئێمە پەیامبەرێکی تایبەتی و ناوەکی هەبێت کە تەنها بۆ خودی ئێمە و بە زمانی واقیع قسەمان لەگەڵ بکات. خودا دەفەرموێت: «سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ».**

**ئاستەکانی ناردنی پەیام (المُرسَلات)**

**بەپێی تێڕامان لە سوورەتی «المُرسَلات»، خودا بە سێ شێوازی سەرەکی پەیامەکانمان بۆ دەنێرێت:**

**١. پەیامی هێمن (المُرسَلاتِ عُرْفاً): ئەمانە ئەو ئاماژە جوان و ناسراوانەن کە بە شێوەیەکی ئاسایی دێنە ڕێمان.**

**نموونە: بیستنی ڕستەیەک لە دەمی منداڵێکەوە، یان بینینی دیمەنێکی سروشت کە ڕێک وەڵامی ئەو خەیاڵەیە کە لەو ساتەدا لە مێشکتدایە.**

**٢. پەیامی توند (فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفاً): ئەگەر مرۆڤ لە پەیامە هێمنەکان تێنەگات یان خۆی لێ نائاگا بکات، پەیامەکە بە شێوەی توند و وەک «ڕەشەبا» دێت.**

**نموونە: تووشبوون بە نەخۆشییەکی کتوپڕ، تێکچوونی پەیوەندییەکی گرنگ، یان شکستهێنان لە پڕۆژەیەکدا. ئەمانە کارەسات نین، بەڵکو هاوارێکی توندن تا مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی.**

**٣. پەیامی جیاکەرەوە (فَالْفَارِقَاتِ فَرْقاً): ئەو ساتانەی کە مرۆڤ دەخەنە بەردەم دووڕیانێک تا حەقیقەت لە وەهم جیا بکاتەوە.**

**چۆن پەیامەکان دەخوێنینەوە؟**

**وەڵامی ئەو نزا و داوایانەی کە لە دڵماندایە، زۆرجار بە شێوازی جیاواز دەگەن:**

**ئیلهامی ناوەکی: هەستێکی کتوپڕ کە پێت دەڵێت چ بڕیارێک بدەیت.**

**ڕووداوە دەرەکییەکان: بینینی ڤیدیۆیەکی یوتیوب، جریوەی باڵندەیەک، یان هاژەی بایەک کە ڕێک لەو ساتەدا هەستت دەبزوێنێت.**

**زمانی جەستە: ئازارەکانی جەستە (وەک سەرئێشە یان ئازاری ئەژنۆ) زۆرجار پەیامبەرن و ئاماژەن بۆ دڵەڕاوکێ و خەمێکی ناوەکی کە پێویستە چارەسەر بکرێت.**

**یاسای کاردانەوە و گەڕانەوە (انا لله و انا الیه راجعون)**

**هەر کارەساتێک کە ڕوو دەدات، ئەنجامی کارێکی پێشتری خۆمانە (بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ). کەسی هۆشیار کاتێک تووشی ناخۆشی دەبێت، تێدەگات کە ئەمە کاتی «ڕجووع» و گەڕانەوەیە بۆ لای خودا. ئارامگرتن لێرەدا بە مانای تێگەیشتن لە پەیامەکە دێت، نەک تەنها بێدەنگی.**

**کورتەیەک بۆ تێڕامان**

**هەموو شتێک لەم گەردوونەدا بەڵگەیە لەسەر حزووری خوا. لە تیشکی ئەستێرەکانەوە تا سپێدەی بەیانی، هەمووی بۆ ئەوەیە کە ئێمە بەخەبەر بێین. ئەوەی پەیامەکان نابینێت و بە «ڕێکەوت»یان دەزانێت، قورئان بە «درۆزن» (المکذبون) ناوی دەبات، چونکە ئامادە نییە نیشانە ئاشکراکانی خودا لە واقیعدا بخوێنێتەوە.**

## 💛 ئەی خوای خۆشەویستی

**ئەی سەرچاوەی خۆشەویستی...**

**ئەی کانیاوي لە بن نەهاتووی خۆشەویستی...**

**بەهرەمەندم بکە بە لافاوی خۆشەویستی وحزورت، لە هەموو شوێنکدا ولە هەموو کاتێکدا**

**بە هەمیشەیی ئاگایی حزورت، خۆشەویستیت، ئاگاکەرەوە لە قوڵای ناخمدا**

**تا هەمیشە تێر ببم تا لێوان لێو لە شەرابی خۆشەویستیت**

**سەرخۆشم کە بە خۆشەویستیت**

**ئەی خوای بێ خوا**

**ئەی خوای بێ هاوتا**

**ئەی خوای کامڵی بێ پێوسیتی**

**روحم ئاشنا کەرەوە، چالاک کەرەوە، بە جوانیت، بە خۆشەویستیت، بە بەخشندەیت، بە روناکیت**

**خوا گیان من تۆم دەوێ وخۆشتم دەوێ**

**دلبەرم بە گەورەیی خۆت لاوازی وهەژاریم بکە ئایەتێک بۆ خۆت**

## 🕯️ مناجاتی فەنابوون و شەهود

**ئەی سەرچاوەی بێبڕانەوەی خۆشەویستی، لافاوی عیشقی خۆت کە لە هەموو شوێنێک ئامادەیە، بیڕێژە بەسەر دڵمدا.**

**خوایە، لە ناوەوەمدا ئاگاییەکی ئەبەدی بەخەبەر بێنە بۆ هەستکردن بە ئامادەیی میهرەبانیت کە لە قووڵاییی نیشتەجێیە.**

**«تۆ عیشقیت، و منیش دروستکراوی نەفخەی تۆم (من نفختك).»**

## ✨ گەڕانەوە بۆ لای مەعشووق

**خوای گیان، ئاواتم تەنها شەهود و فەنابوونە لە تۆدا. ئێمە لە تۆوە هاتووین و هەر بۆ لای تۆش دەگەڕێینەوە؛ «إنا لله وإنا إليه راجعون». ئەی پاشای پاشاکان ئەی پیرۆزی قدوس، یارمەتیم بدە تا هەر لە ئێستاوە بچمە ئاستی ئەو رجووعە و تامی ئەو فەنابوونە بکەم و بڵێم.**

## 🌊 پاکبوونەوەی ئاگایی

**ئەی نووری بوون و خوای دڵان، ئاگاییمان پاک بکەرەوە لە وەهمی تاریکی و گومڕایی گومان. لە غەفڵەت دامانماڵە تا تینوێتی گەیشتن بە حەقیقەتی تۆ لە ناخماندا ڕاپەڕێت.**

- **خوای میهرەبان، تۆ نهێنییەکانی خۆت بۆ دڵە بێگەردەکان دەردەخەیت؛ لای خۆت وەک منداڵێکی ساوا و بێگەرد بمانهێڵەرەوە: متەوازیع، خاشع و کراوە بۆ نوورەکەت وحیکمەتت.**

- تێگەیشتنێکمان پێ ببەخشە کە بچێتە نێو ناوک و جەوهەری شتەکان، نەک لە ڕووکەش و حیجابەکاندا گیر بخۆین. بمانبەرە حوزوورێک کە بە بیرکردنەوە درک ناکرێت، بەڵکو تەنها بە شەهود دەبینرێت.

## 🛣️ ڕێگەی عاریفان

خوایە، مەهێڵە دڵمان مایل بێت بۆ ڕێگەیەک کە لە تۆ دوورمان بخاتەوە، یان زانستێک کە سەرقاڵمان بکات بە غەیری تۆ. دەستمان بگرە و بمانبەرە سەر ئەو ڕێگەیەی کە خۆشەویستانت (پێغەمبەران و ئەولیا و ساڵحان) پێیدا ڕۆشتوون؛ ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر میحرابی تۆ، ئەو شوێنەی هەناسەی عاریفان و عیشقی ئەولیاکانی تێدا بەرز دەبێتەوە.

خوایە، ورەیەکی نوێمان پێ ببەخشە بۆ سلوک، و نووری هیمەتمان بۆ نوێ بکەرەوە، تا بگەینە ئەو ئامانجەی کە تەنها بۆ ئەوە دروست کراوین: کە ئەوەش دۆزینەوەی تۆ، پەرستنی تۆ و خۆشویستنی تۆیە.

ئەگەر تۆمان دۆزییەوە، هەموو شتێکمان دۆزیوەتەوە، و ئەگەر تۆشمان لەدەست دا، چی ترمان بۆ دەمێنێتەوە؟

## 🤲 بێگەردی نییەت

ئەی پەروەردگاری بەخشندە، بێگەردی نییەت و خووی چاک و شەوقێکی نوێمان ڕۆژانە پێ ببەخشە، تا لە حوزووری تۆدا بژین، لەگەڵ تۆدا بین، و بە تۆوە بین. با نوورەکەت هەرگیز لە دڵمان جیانەبێتەوە و عیشقت لە ناخماندا نەگۆڕێت.

## 🍷 مەیخانەی مەعریفەت و شەهودی نوور

**«ئەی خوای میهرەبان، ئەی نووری ئاسمانەکان و زەوی، ئەی هەڵگری پەردەکان و ئاشکرا کەری نهێنییەکان؛ پەردەی نەزانی و گومان لەسەر دڵمان بدڕێنە، و بەرگی وەهم و فیتنە لە ڕۆحمان دامالە.»**

**✨ تەختی پاشایەتی دڵ**

**تەنها و تەنها زاتی خۆت بخەرە سەر تەختی ئاواتەکانمان. با تەنها تۆ بیتە سەرچاوەی شەوق و هۆگریی ناخمان.**

**ئەی سەرچاوەی ڕەحمەت و ئەی ڕۆحی عیشق، خۆشێویستی وجوانی خۆت بۆ ئێمە دەربخە و تیشکی حوزووری خۆتمان لێ حەرام مەکە، و مەمانخەرە ڕیزی غافڵانەوە.**

## 🍇 مەستیی ویساڵ

**ئەی سەکرەی عیرفان، وەرە نێو ڕۆحمان و دڵمان تێر بکە لە مەیی خۆشەویستیت. با یادی بەردەوامی تۆ ببێتە ئەو هەناسەیەی کە پێی دەژین.**

**ئەی دروستکەری دڵەکان و زەمانەکان، ئارەزووەکانمان لە دەریای پیرۆزیی خۆتدا (بحر قدسك) بتوێنەرەوە؛ با تەواوبوونی ئێمە لە ناو تۆدا بێت و کەمالی ئێمە لەسەر ڕێگەی تۆ بێت.**

## 🌌 تەجەللی ودەرکەوتن لە گەردووندا

**مەولای من، فێرمان بکە چۆن لە ناو تیشکی ئەستێرەکاندا تۆ ببینین. لە لەرەلەری گەردیلەکاندا تەجەللی بکە، و لەو چرپەیەی بە نێو فکرماندا تێدەپەڕێت، و لەو عیشقەی لە لای خۆشەویستانمانەوە بۆمان دێت، خۆت نیشان بدە.**

**فێرمان بکە چۆن ناوت بەرین و چۆن داوای عیشقت بکەین؛ چونکە ئەوە گەورەترین شەرەفی ئێمەیە. خۆ ئێمە سێبەری نووری تۆین و وێنەیەکین لە تەجەللییەکانی تۆ.**

## 🌸 گوڵزاری ڕۆح

**لەگەڵ سپێدەدا بە نووری خۆت بمانبزوێنە و بەخەبەرمان بێنە، لە ژێر تیشکی خۆری ڕۆژەکەتدا بەهێزمان بکە. کاتێکیش چووینە نێو دەروازەکانی ئێوارەوە، ئەو گوڵە عیشقانە لە دڵمان وەربگرە کە لە باخی ڕۆحماندا سەوزبوون.**

## 🔥 بە سۆزی دڵ و هیممەتی ڕۆح

### ✨ نزا بۆ مەعریفەت و حوزوور

**«ئەی خوای میهرەبان، فەرامۆشمان مەکە ئەگەر لە یادمان چوویت، و جێمان مەهێڵە ئەگەر لێت دوور کەوتینەوە. ئەگەر منی لاواز تۆم لە بیر کرد وغافڵ بووم، خوای بە بەزەیی بە لوتفی خۆت ئاگام بێنەوە. خوایە، دەروازەی حیکمەتی خۆت، و هێزی خۆت، و نهێنیی وزە گەردوونییەکەت بۆ ئێمە بکەرەوە.»**

ئەی پەروەردگاری ڕۆحەکان، وەرە بۆ لامان—لە سەمای گوڵەکانەوە، لە بانگی دۆڵەکانەوە، لە هاژەی باوە، لە جریوەی چۆلەکەکانەوە، لە روخساری پاکی منداڵانەوە، لە جوانی پەپولەکانەوە، لە بۆنی گوڵەکانەوە، لە تامی میوەکانەوە، لە گەرمی ئامێزی خۆشەویسانوە، لە تیشکی دەموچاوەکانەوە، و لە بێدەنگیی ئەشکەوتەکانەوە لە قووڵایی نەفسی خۆمانەوە. لە سۆزی دایکانەوە لە گیان بەفیدای باوکانەوە.

وەرە، و پەردەکانی عەقڵ و زەمان لەسەرمان دابماڵە. خۆتمان بۆ دەربخە.

«پەروەردگارمان، ڕێنماییم بکە لە شەهوەتی نەفسەوە بۆ سکوونی قەناعەت، لە شڵەژانی دڵەوە بۆ سوکنایی وئارامی روح، و لە تاریکیی نەزانییەوە بۆ نووری حیکمەت.»

خوایە، وا بکە ڕۆحم بە تۆوە بەستراو بێت، دڵم بکە بە میحرابی خۆت، و عیشقیشم بکە بە مەنزڵگا و مەقامی خۆت.

## 🏛️ هیممەتی عەمەلی (فەلسەفەی ژیان)

«داوا لە خوای مەزن دەکەم کە یارمەتیم بدات بەسەر نەفسی خۆمدا زاڵببم، تا بتوانم بە باشترین شێوە ئەو هێز و بەهرانە بەکاربێنم کە پێی بەخشیووم.

منیش، بە قووڵترین سەرنج و ئاگاییەوە، ڕوو دەکەمە هەموو کارەکانم—چ لە ماڵەکەمدا، چ لە کۆمەڵگەکەمدا، ولە هەرچ کاروباریکدا. هیچ کارێک، نە بچووک و نە گەورە، بەجێناهێڵم ئیللا بە تەواوترین حوزوور و ئاگایی ئەنجامی دەدەم دلم لە گەڵیدا بێت.

من تەرکیزێکی قووڵی خودایی بەدەست دەهێنم؛ چونکە هیچ توانا و هێزێک نییە ئیللا بە خوای مەزن نەبێت (لا حول ولا قوة إلا بالله). هێزی بێسنووری ئەو بەکاردێنم بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ژیانم بەجێبهێنم، ئەو ژیانەی کە خودا خستوویەتییە سەر شانم.»

خوا گیان فرێم مەدە تۆ زاتی خۆت، وازم لێمەهێنە تۆ گەورەیی خۆت، بۆ تۆ ناشێ نەزانی وبێتوانەیم نەبووری جونکە دڵم تۆی دەوێ روحم موشتاقی تۆیە. بە لێبوردەیی خۆت کەم وکورێکانم بپۆشە.

خوا گیان دڵم ئیلهام کە، عەقڵم روناکە، جەستەم بەهێزکە، روحم چالاک کە.

ئەی ئازیزی ڕۆحم، دەردی دووریمان تیمار بکە. و ڕێگەی ویساڵی تۆمان کورت بکەرەوە. خوا گیان هەرچەندە لاواز وبێ توانم هیوام زۆرە بە تۆ، تۆ بە بەزەییت بە توانایت. ئەوەندە هیوام پێتە خوایە وا خەریکە خۆم بە خاوەنی گەردون دەزانم. بەسمە شانازی کە تۆ لە روحی خۆتت تێکردوم.

## 🕯️ میحرابی کار و کڕنۆشی ئاگایی

«خوایە گیان، من بیر دەکەمەوە، بڕیار دەدەم و کار دەکەم؛ بەڵام ئەی مەولای من، تۆ عەقڵم، ئیرادەم و جوڵەکانم ڕێنمایی بکە بە ئاراستیەی ڕازی بوونی تۆ.»

وەک شێخی ئەکبەر (ئیبن عەرەبی) دەفەرموێت:

«خوایە، ئەوەم پێ ببەخشە کە دەیزانیت بەرژەوەندی منی تێدایە، لە هەموو بەشەکانی بوونمدا، لە لتیف و کەسیفمدا.»

## ✨ قوربانی عیشق

ئەی ئەو خودایەی گەردوون ت بە ئەنواری خۆت گەشاندووەتەوە، و ئەستێرەکان بە جەلالەتی قدرتت دەدرەوشێنەوە. بریقەی خۆر لە فەیز و حیکمەتی تۆوە سەرچاوەی گرتووە و کردووتە بە نیشانەیەک بۆ ناسینی خۆت.

دڵۆپەکانی باران وەک "زیکر" دەبارێن، و بیرکردنەوەکانم و خەیاڵەکانم و حەسرەتی ناو دڵم، هەموویان پارچە نوور و قوربانیی خۆشەویستین کە لە نێوان دەستەکانتدا کۆیان دەکەمەوە.

- بوونم پڕ بکە لە هێزی خۆت.
- دڵم پڕ بکە لە ئامادەیی (حوزوور)ی خۆت.
- عەقڵم پڕ بکە لە حیکمەتی خۆت.
- ڕۆحم پڕ بکە لە شهودی ئەنواری خۆت.

لێرەم، لە نێوان دەستەکانتدا: خۆشەویستیم، تامەزرۆیی ڕۆحم، ئاواتەکانم و هەموو هیواکانی دنیا و قیامەتم دادەنێم. خوایە، شەوقم بۆ لای خۆت بەخەبەر بێنە، عیشقت لە دڵمدا زیاد بکە و بە نووری مەعریفەت فێرم بکە کە تۆ لە ناوەوەم و لە دەرەوەم و لە هەموو دەوروبەرمدا ببینم.

## 🌊 عیبادەتی بە زیندوویی

فێرم بکە تەنها بە داواکردنی حوزوورت نەوەستم، بەڵکو ئەوەندە داوات بکەم تا یەقین بکەم کە تۆ لەگەڵمدایت؛ چ لە میحرابی کارکردندا و چ لە میحرابی بێدەنگیدا، لە هەموو فکرەیەک و هەموو لێدانێکی دڵ و هەموو کێشکردنێکی ڕۆحمدا.

خوایە، من نوێژێکی پڕ لە عادەت و وشەی بێ ڕۆحم ناوێت؛ من نزیکیی تۆم دەوێت، ئامادەیی تۆم دەوێت. تۆ پەروەردگاری منیت و من بەندەی تۆم. فێرم بکە بە خۆشەویستیی خۆت بانگت بکەم و بە نهێنییەک لە نهێنییەکانی مەعریفەتت پێت بگەم.

## 👁️ بێنینی بێ پەردە

خوایە، تۆ لە من شاراوە نیت، بەڵکو نەفسی منە بووە بە پەردە لە نێوانماندا؛ پەردەی سەر چاوەکانم لابدە و پیشانم بدە کە تۆ لە نەفسی خۆم نێزیکتریت. تۆ هەمیشە لە دڵمدایت، گوێت لە گریانی ڕۆحم و چرپەی دڵمە.

- هەنگاوەکانم لە ڕێگەی ناسینی خۆتدا پیرۆز بکە تا دەگەمە مەقامی ڕەزامەندی و یەقین.
- فێرم بکە هەموو شتێک لە بووندا وەک دەرکەوتنی (تەجەللییەکی) تۆ ببینم.
- لە فیتنە و تاقیکردنەوەکان دوورم بخەرەوە، ئەگەر تاقیشت کردمەوە، وا بکە شەهودی تۆ لە لای من خۆشەویست تر بێت لە هەموو شەهوەت و هەڵخەڵەتاندنێک.

ڕۆحم بۆ تۆیە، دڵم بۆ تۆیە، و نەفسم فێر بکە کە تەنها بۆ تۆ بێت. خوایە، بمانکە بەو بەندەیەی لە هەموو شتێکدا هەر تۆ دەبینێت و لە هەموو حاڵێکدا هەر بۆ لای تۆ دەگەڕێتەوە.

## 🕯️ میحرابی عیشق و ئامادەیی (حوزوور)

«ئەی خوای میهرەبان، ئەی ئەو زاتەی بە نەفخەیەک لە روحی خۆت منت دروست کردووە؛ لە نوێ وە نهێنیی نزیکیی خۆتم فێر بکەرەوە. شەهودی یەکانەیی ئامادەیی خۆتم (وحدانية الحضور) پێ ببەخشە، تا تێبگەم کە من بە هەژاریی خۆمەوە بە تۆوە وەستاوم، و بە نزیکیی تۆ دەژیم، و بە نووری تۆ دەبینم.»

خوایە گیان، وا بکە درک بەو حەقیقەتە بکەم کە بۆی دروست کراوم: کە تۆ تاکە پەناگەی منی، تۆ ڕایگری ڕۆحی منی، و من هیچ بوونێکم نییە ئیللا بە تۆ نەبێت، و هیچ ژیانێک بۆ دڵم نییە ئیللا بە هیدایەت و تەجەللیی تۆ نەبێت.

نزیکم کەرەوە لێت تا بزانم هەرچی خێر و چاکەیەک لە مندا هەیە، فەیز و ڕەحمەتی تۆیە. ڕۆحم ڕاست نابێتەوە مەگەر بە ئەنواری تۆ، و ئامادەیی (حوزوور)ی منیش تەواو نابێت مەگەر بە ئامادەیی تۆ.

## ✨ تەجەللی و لادانی پەردەکان

«ئەی میهرەبان، ئەی نووری ئاسمانەکان و زەوی؛ تەجەللی بکە بەسەرمدا و لە ڕووی ڕەحمەتی خۆت بێبەشم مەکە. خوایە، پەردەی نەزانیم لادە، دیواری حەیرانیم بڕوخێنە، و بۆ دڵم دەربکەوە بەو شێوەیەی کە شایستەی جەلال و نووری تۆیە.»

ئەی میهرەبان، ئەی ئەو زاتەی کە لە هەموو دایکێک زیاتر بۆ بەندەکانی خۆت دڵسۆزتری؛ ئەو پەردەیە هەڵبگرە کە چاوەکانم قورس دەکات کاتێک لە خەڵوەتی خۆمدا ڕوو لە تۆ دەکەم. با نووری خۆشەویستیت لە دڵمدا هەڵبقوڵێت، وەک چۆن کانی لە زەوییەکی تینوودا دەتەقێتەوە.

ئەی دۆستی من ئیلاهی من، ئەی ئەو زاتەی زانست و ڕەحمەتت دەوری هەموو شتێکی داوە؛ قۆڵە بچووکەکانم تینووی باوەشی ڕەحمەتە فراوانەکەی تۆن. وەرە، چونکە سنگم بە چاوەڕوانی تەنگ بووە، و ڕۆحم شەیدای نزیکیی تۆیە.

## 🔥 ئاگری زیکر و خەڵوەتی ڕۆح

ئەی ڕۆحی بوون، تاریکیی "خۆپەرستی"م (أنانيتي) ببڕە، تۆزی حیجابەکانم بڕەوێنەوە، و نوقمی نووری ئامادەیی خۆتم بکە، ئەو نوورەی کە هەرگیز ئاوا نابێت.

**منیش دەروازەی خەڵوەتەکەم بە ئاگری زیکری تۆ دادەگیرسێنم، و بێدەنگیی غەفڵەتم بە چرپەی نزا و هەوڵدان و ڕاکردن بەرەو لای تۆ دەسوتێنم.**

**ئەی ئاگری عیشق کە هەرگیز ناگوژێیتەوە، ئەی خۆری دڵەکان؛ لە کڵپەی شەوقمدا تەجەللی بکە. وا بکە یادت نوورێک بێت لە میحرابی دڵمدا کە هەرگیز خامۆش نەبێت، تا ڕۆحم بۆ چرکەیەکیش لە یادی نەچێت کە تۆ لەگەڵمدایت، بە تۆوەم، و بەرەو لای تۆم.**